ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، بڵێ: ئێمە ڕەزامەندیت پێدەبەخشین سەبارەت بە ئومەتەکەت وغەمبارت ناکەین

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ئەم وشانەی خوای گەورەی خوێندنەوە -عز وجل- سەبارەت بە ئیبراهیم -صلی الله علیه وسلم- : {رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي} [إبراهيم: 36] واتە: {ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بتانە زۆر لە خەڵکیان گومڕا کردووە (و لایاندان لە ڕێگای ڕاست) جا هەرکەسێک (لە ڕۆڵەکانم) شوێن من کەوت ئەوە بێگومان لە منە}، (هەتا کۆتایی) ئایەتەکە، و وشەکانی عیسا -صلی الله علیه وسلم- کە دەفەرموێت: {إِنْ تُعَذِّبْهُم فَإِنَّهُم عِبَادَكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُم فَإِنَّكَ أَنْتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ} [المائدة: 118] واتە: {ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن وە ئەگەر لێشیان خۆش بیت ئەوە بێگومان تەنها خۆتی بە دەسەڵات وکاردروست}، (پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-) دەستەکانی بەرزکردەوە وفەرمووی: «خودایە، ئومەتەکەم ئومەتەکەم»، وگریا، خوای گەورە -عز وجل- فەرمووی: «ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، -وپەروەردگارت زاناترە- پرسیاری لێبکە بۆچی دەگری؟»، جبریل هات، وپێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- هەواڵی پێبدا سەبارەت بەوەی کە ووتی -وخودا زاناترە-، خوای گەورە فەرمووی: «ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، بڵێ: ئێمە ڕەزامەندیت پێدەبەخشین سەبارەت بە ئومەتەکەت وغەمبارت ناکەین».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر ئەم وشانەی خوای گەورەی خوێندنەوە -عز وجل- سەبارەت بە ئیبراهیم -صلی الله علیه وسلم- کە ئیبراهیم -علیه السلام- فەرموویەتی: {رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي} [إبراهيم: 36] واتە: {ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بتانە زۆر لە خەڵکیان گومڕا کردووە (و لایاندان لە ڕێگای ڕاست) جا هەرکەسێک (لە ڕۆڵەکانم) شوێن من کەوت ئەوە بێگومان لە منە}، (هەتا کۆتایی) ئایەتەکە، و وشەکانی عیسا -صلی الله علیه وسلم- کە دەفەرموێت: {إِنْ تُعَذِّبْهُم فَإِنَّهُم عِبَادَكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُم فَإِنَّكَ أَنْتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ} [المائدة: 118] واتە: {ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن وە ئەگەر لێشیان خۆش بیت ئەوە بێگومان تەنها خۆتی بە دەسەڵات وکاردروست}، (پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-) دەستەکانی بەرزکردەوە وگریا، وفەرمووی: (خودایە، ئومەتەکەم ئومەتەکەم): واتا خودایە ڕەحمیان پێبکە ولێیان خۆش بە، خوای گەورە -سبحانه وتعالی- بە جبریل فەرمووی: (بڕۆ بۆ لای موحەمەد، -وپەروەردگارت زاناترە- پرسیاری لێبکە بۆچی دەگری؟)، لەکاتێکدا خوای گەورە زانایە سەبارەت بە هۆکاری گریانی، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- هەواڵی پێبدا سەبارەت بە ئەوەی کە فەرمووی: (ئومەتەکەم، ئومەتەکەم)، -وخودا زاناترە- بەوەی پێغەمبەرەکەی فەرمووی -صلی الله علیه وسلم-، خوای گەورە فەرمووی: (ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، بڵێ: ئێمە ڕەزامەندیت پێدەبەخشین سەبارەت بە ئومەتەکەت وغەمبارت ناکەین): وخوای گەورە ڕەزامەندی پێبەخشی سەبارەت بە ئومەتەکەی وحەمد وسوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو نیعمەتانەی بەم ئومەتەی بەخشیووە: زۆری وچەندجار کردنی پاداشت بۆیان، کۆتا ئومەتن بەڵام لە پێشەوەی هەموو ئومەتەکان دەچنە بەهەشتەوە، وزۆرینەی ئەهلی بەهەشت لەم ئومەتەن، وزۆر بەخشینی تریان پێدراوە کە بە ئومەتەکانی تر نەدراوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5457